نەستەقەچیرۆک"4"

# هەندە و مەندە!

سیروان کاروانی

بەیانییەکی زۆر زوو کاتێ هەندە و مەندە هێشتا لە خەوی خۆشدا بوون، هەندە، ژنەکە بە دەنگی خورەخورەی ئاو بەئاگاهاتەوە کە لە مەزرووکی سەربانی ماڵەکەیانەوە شۆڕ دەبووە خوارەوە و بە پڕاوپڕی جۆگەلە باریکەلەکەی ناو حەوشەکەیانەوە دەگەیشتە لای دەرگەی حەوشەکەوە، لەوێوەش بە پانتایی ژێر دەرگەکەوە تێکەڵ بە قوراوی ناوەڕاستی کۆڵانەکە دەبوو و بۆ ئەوسەری ئاواییەکە بەردەوام دەبوو. هەندە جاجمەشڕەکەی لەسەر خۆی لابرد و لەناو جێگەکەیەوە قیت بووەوە، کاتێ ئەو هەر لە شوێن خۆیدا لەسەر تەختەشڕەکەی کە ژن و مێردەکە هەر خۆیان بە داروبار دروستیان کردبوو دانیشتەوە، هێندێک پرچی خۆی وروشاند و پاشان دەستێکی بە نەرمی بە سەر و پرچیدا هێنا، سەرێکی لەقاندەوە و چاوەکانی هەڵگڵۆفی کە هێشتا هەر خەواڵوو دیاربوون. هەندە بۆ ماوەیەکی کورت تێڕاما و پاشان لەسەر تەختەکەوە لاقەکانی شۆڕ کردەوە و هێندێک هێنایانی و بردیانی، ئەگەرچی ئەوکات هێشتا سپێدە بوو و خەریک بوو ڕۆژ ببێتەوە، بەڵام چونکە باران هێندە بە توندی دەباری و ئاوەڕۆکەی بان خانووەکە بە دەنگی بڵند دەهاتەخوار و ئاسمانیان بە جۆرێک تاریک کردبوو، دەتگوت نیوەی شەوە و چاو چاو نابینێ. هەر لەگەڵ ئەوەشدا، ناوە ناوە هەورەچەخماخە دەیگرماند و ڕۆشناییەکی بەو دیمەنە تاریک و باراناوییە دەدا. ئەو دیمەنە بەلای هەندەوە گەلێک ترسناک و جنۆکاوی بوو، چونکە جۆرەها دەنگی سەیر تێکەڵ بەیەک بووبوون و ئاوازێکی شایەنی تێڕامانیان دروست کردبوو. ئەو بەیانییە زووە زۆر لە بەیانییەکانی تر جیاوازتر بوو، نە قووقەی کەڵەشێر دەبیسرا و نە کۆتر و بەچکە خۆماڵییەکانیان وەک بەیانیانی پێشووتر بەناو حەوشە و بە دوای دانەوێڵەدا دەخولانەوە و گمەیان دەهات و، نە کۆترەباریکە کێوییەکان بە گوێسوانەکانەوە دەندوکیان لە پووش و پەلاشەکان دەخشاند و نە پاسارییەکان بەسەر سەرەوە جریوەجریویان بوو. ئەو بەیانییە دەنگی هیچ گیانلەبەر و پەلەوەرێک بە گوێی مرۆڤدا نەدەزرینگایەوە، بەڵکوو تەنها ئاوازە سروشتییەکان بوون زەوی و ئاسمانیان هێنابووە جۆشوخرۆش و ڕەوشێکی تایبەتیان دروست کردبوو.

شتێکی تایبەت کە لەو ژن و مێردە (هەندە و مەندە)دا بەدی دەکرا، ئەوە بوو کە مەندە بە پێچەوانەی هەندەی خێزانییەوە بوو و ئەو بە ئێواران زۆر شاد و گەش بوو و حەوسەڵەی بێداریی زۆر بوو، بۆیە زۆربەی ئێوارانەکان تا درەنگانێ دادەنیشت و خۆی بە شتی ترەوە خەریک دەکرد. ئەو هێندەی کە خۆی هەوڵی دەدا و هێندەی کە هەندەش بێزاریی خۆی لەو بێدارییە دەردەبڕی، هەر نەیدەتوانی زوو بچێتە ژێر پێخەفەکەیەوە و بەزوویی بخەوێت. ئەو هێندێک جار چەکوشکاریی دەکرد و جاروبار دارتاشیی دەکرد و چونکە کردبوویە خوو، هەمیشە چایەشی ئامادە بوو و زووزوو چایەکی تێدەکرد و بە زڕەزڕی دەنگی ملاکەکە کە بەر پیاڵەکە دەکەوت تێکی دەدا و ناوە ناوە فڕێکی لێ دەدا و دەیخواردەوە، مەندە زۆر هەوەسی بە دەنگی زڕەزڕی ملاک و پیاڵەکە دەهات، بۆیە زۆرجار لەسەر ئەوە لەگەڵ هەندە دەبووە مشتومڕیان و، هەندە دەیگوت:

– تۆ بە ئێواران دەڵێی سووژنت لەچاو کراوە، هەتا درەنگانێ بەئاگایت و نایەڵی منیش بخەوم. من لەمە تێناگەم، ئایا تۆ هەرگیزماندوو نابیت؟

– چۆن ماندوو نابم! بەڵام زۆروەخت کە مێشک ماندوو دەبێ، دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ زیاتر شەونخونی بکێشێ و نەحەسێتەوە. ئەگەر من هەر زیاتر بە جەستە ماندوو ببم و مێشکم بتوانێ ئارام بێ، ئەوا زووتر و چاکتر خەوم لێ دەکەوێت.

– ئەوها! یانی تۆ دەتەوێ جەستەت مانوو بکەیت هەتا مێشکت بحەسێتەوە؟

- بەڵێ، بەڵێ. بەو شێوەیە هەر هیچ نەبێت غەم و ئازارەکانم دابەش دەکەم. دەزانی هەندە! هیچ لەوە خۆشتر نییە، کەسێک شتێک هەبێت و غەم و ئازارت لەگەڵدا بەش بکات.
- ئۆیش! ئێ باشە گرفتی تۆ چییە و بیر لە چی دەکەیتەوە. نازانم بۆچی ئەو مێشکەی تۆ هەمیشە ماندووە؟
- ئاە، ئەم گەردوونە هەمووی گرفتە و چۆن بیر نەکەمەوە. خۆزیا کەسێکم چنگ دەکەوت و لێم دەپرسی: بۆچی لەم جیهانەدا، هیچ شتێک هەیە وەک پێویست بێت و ئازار نەبەخشێ؟
- باشە کەوابێ چی بکەین هەتا مێشکت ماندوو نەبێ و جەستەت ماندوو بێ، بەڵکوو خەو بتباتەوە و لێبگەڕێی منیش بۆ خۆم بە ئارامی بخەوم؟
- ڕاستییەکەی شەوان کە لە پاڵ تۆدام مێشکم هێدی هێدی دەحەسێتەوە و بە جەستەش خۆم ماندوو دەکەم، ئیتر ئەمە تا دەرەنگانێ دەخایەنێ و پاشان بە چاکی دەخەوم، ئەدی ئەوە نییە تۆش بەیانییان سرەبڕی دەکەیت و پێش کەڵەشێرەکان لێم دەقووقێنی!
- من بە شەوان خەوی خۆم دەکەم و لای بەیانیش کە تێر خەو بووم بەئاگا دێمەوە، ڕاستی هەق وایە ناوی تۆش بنێم مەندە خەوگران.
ئەو بەیانییە هەندە زەق تەماشای دەرەوەی دەکرد و لە باران و ئاوەڕۆکەی دەڕوانی، ئاوەکە بەهۆی بەردەوامیی بارانەکەوە هەر زیادی دەکرد و ئێجگار بە پڕی لە کەلێن و کونەکانەوە ڕۆدەبووە خوارەوە، لەو تاریکییەدا جۆرەها دیمەنی جنۆکاوی و ترسناکی لێ دروست دەبوو و دەنگەکان بەهۆی توندیی بارانەکەوە کە بە خاک و بانەکە و ئەو ناوە دەکەوتن، تێکڕا وەک جنۆکە و دەنگی جنۆکە وابوون.
مەندە هێشتا خەوتبوو و لەبەر پرخەپرخی خۆی ئاگای لە هیچ نەبوو. ئەو ئێوارەی پێشوو لە ئێوارانەکانی تر درەنگتر خەوی لێ کەوتبوو، بۆیە ئەوکاتە خەوەکەی ئێجگار شیرین بوو و دەنگی خوڕەی ئاوی مەزرووک و نەرمەگرمەی هەور و ترپەی بان خانووەکە و دواتریش بانگەبانگی هەندە هەموو تێکەڵ بە جیهانی خەون و خەیاڵەکانی بووبوون. ئەو ئەوانەی هەموو لە خەوندا دەبینی و پێیانەوە سەرقاڵ بوو.
هەندە هەر خەریکی بانگەبانگ بوو:
- مەندە خەوگران! مەندە خەوگران!
لەو کاتەدا مەندە گەوزێکی دا و خۆی ڕاکێشایەوە. هەندە دەنگی بڵندتر کرد و، مەندە لەناو جێگەکەیەوە هاواری کرد:
- بیگرە بیگرە!
هەندە بیرێکی کردەوە و ترسێکی لێ نیشت، ئەو بیری لەوە کردەوە نەوەکو مەندە بە جۆرێک بەئاگابێتەوە و لە دەنگی ئاوەڕۆ و شڵپەشڵپی باران و ترپەی سەر خانوو و ئەو دیمەنە ترسناکەی دەرەوە بە خراپی ڕابچڵەکێ و هێرشی مێشک ئازاری بدات، بۆیە لەسەرەخۆ گوتی:
- مەندە بەئاگای؟ گوتت چی بگرم؟
مەندە هەر ئەوەندەی گوت و پاشان خەوی لێ کەوتەوە.
هەندە هێزێکی دا بەر خۆیی و هەڵسایەوە و لە پەنجەرەکەوە زیاتر نزیک بووەوە، تاوێکی تر ڕوانییە دەرەوە و هاشوهوشی دەرەوەی باشتر گوێ لێ بوو، لەو کاتەدا دەستی بۆ دەسکی پەنجەرەکە برد و ویستی کەمێک بیکاتەوە و هەستێک لە دەرەوە ڕابگرێ، بەڵام زاتی ئەوەی نەکرد. ئەوسا ئاوڕێکی دایەوە، تەماشایەکی پیاوەکەی خۆی کرد کە خەوی لێ کەوتبوو و پرخەپرخی بوو، هێندێکی تر خۆی ئازا کرد و دەستی درێژ کردەوە بۆ دەسکی پەنجەرەکە و ئەمجارە وێرای قووفڵەکەی بکاتەوە و هێندێک بیترازێنێ. هەر کە هەندە پەنجەرەکەی

هێندێک ترازاند. دێمکەئاوێک وەک سەری کەسێک وابوو بەبەر پەنجەرەکەوە خورەی هات و لە پەنجەرەکەوە یەک دوو مشتی لێ کەوتە ژوورەوە. هەندە یەکەمجاری بوو لە ژیاندا هێندە بترسێ و بشڵەژێ، بۆیە دەستبەجێ بەقەد ئەوەندەی هێزی تێدابوو هاواری کرد:

- ئەوە چییە، ئەوە چییە؟ دەمکوژێ، دەمکوژێ!

مەندە کە هەتا ئەوکاتەش هەر لە شیرین خەودا بوو، یەکسەر ڕاپەڕی و بەرەو دەرگەکە چوو. لەوێدا هەڵوەستەیەکی کورتی کرد و بینیی هەندە بەبەر پەنجەرەکەوە حەپەساوە. بەپرتاو بەرەو لای هەندە ڕای کرد و خێرا پرسیی:

- هەندە چی بووە؟ بۆ نادوێی؟ چی دەکەی لەبەر پەنجەرە؟ بۆ بەئاگای؟

هەندە وەک ئەوە وابوو هەناسەی لەبەر بڕابێ. ئەو هەر لە شوێن خۆیدا ڕەق لەسەر لاقەکانی وەستابوو و لە بیرکردنەوەدا بوو، هەر ئەوەندەی بۆ هات و گوتی:

- ئەی هاوار، زۆر شوکور. ئەوە چی بوو!

مەندە زۆر شپرزە بووبوو نەیدەزانی چی بووە و ئاگای لەو باوبۆرانە سەختە نەبوو و، بێجگەلەوەش ئەو لەناکاودا لەخەو ڕاپەڕیبوو و بەتەواوی نەیدەزانی چی بکات. ئەوکات دووبارە پرسییەوە:

- ئەوە بۆ تێمناگەیەنی؟ پرسیم چی بووە؟ چی دەکەی لەبەر پەنجەرە؟

- وابزانم جنۆکەیەک بوو ویستی لە پەنجەرەوە بێتە ژوورەوە و بمکوژێ.

- هەندە گیان! جنۆکەی چی؟ هەتا کەی واز لەو شتە خەیاڵاوییانە ناهێنی، ئاخر ئەو شتانە کوا هەن.

- ئەدی ئاگات لەو هەموو دەنگ و ڕەنگە سەیرانە نییە، ئەدی ئەگەر جنۆکە نەبێ چییە، وەخت بوو بێتە ژوورەوە و تۆش ئاگات لە هیچ نییە.

- بڕوا بکە ئەوانە هەموو شتی سروشتین دەنگ و ڕەنگیان لێ پەیدا دەبێت. شتێک کە گیانی لەبەردا نەبێت، بێجگە لە جووڵان بە هۆی با و لەرینەوە و لەو شێوەیە نەبێ، چۆن دەتوانێ هەڵسوکەوت بکات.

وادیاربوو کە هەندە لەبەر تۆقاویی خۆی و ئەو بڕەباوەڕەی کە بەو شتانەی هەبوو متمانە بە بۆچوونەکانی مەندە نەکات.

مەندە هێندێک ئارامیی هێنایەوە بەر خۆی و بەرەو لای هەندە و پەنجەرەکە چوو، ئەوکات هێشتا لە نێوان تاریکی و ڕووناکیدا بوو، لەلایەک بەهۆی ئەوەی لای بەیان بوو و باران بە لێزمە دەباری تاریک داهاتبوو و دەرەوە و ژوورەوە وەکویەک وابوون و، لەلایەکی ترەوە بەهۆی هەورەچەخماخەی لەسەریەکەوە، ناوە ناوە ڕووناکییەکی بە دەشتودەر دەدا و لە پەنجەرەکەوە ژوورەکەی ئەوانیش ڕووناک دەبووەوە.

مەندە بە هەوڵێکی زۆر چراکۆنەکەی دۆزییەوە و بە دەنکەگرەیەک هەڵی کرد و ناو ژوورەکەی هەتا ئاستێکی باش ڕۆشن کردەوە. ئەوسا دەستی هەندەی گرت کە دەیزانی زۆر ترساوە و لەوێی دوور خستەوە و بە سینگی خۆیەوەی نا، پاش ئەوەی هەندە هێور بووەوە و هێندێک لە ڕۆشنایی چراکۆنەکە ورد بووەوە، مەندە دەستی گرت و بردییە لای پەنجەرەکەوە. هەندە هێشتا بەپێی پێویست لە پەنجەرەکە نزیک نەدەبووە و ترسی لەگیاندا مابوو، بەڵام مەندە توانیی ئەو ترسەشی لەلا بڕەوێنێتەوە و هەردووکیان لەبەر پەنجەرەکەدا وەستان. مەندە چراکەی بەرز کردەوە و گوتی:

- هەندە! لەو بارانە جوانە بڕوانە کەوا بەلێزمە دەبارێ.

- ئۆی چەند دڵگیر و بەسوودە.

- لەم برە ئاوەش بڕوانە کە لە پەنجەرەکەوە هاتۆتە ژوورەوە.

هەندە تەواو تێگەیشت کە ئەوە هەر ترسێکە و دەروون بۆی دروست کردووە و هەموو شتێک سروشتییە، ئیتر بە هێمنییەوە گوتی:

- چاک نەبوو لەم دۆخەدا بەتەنها نەبووم! ئای مێشک چەند ئازاری مرۆڤ دەدەی! ئافەرین بۆ ئەوانەی گوتوویانە: "ئەوەی غەم وپەژارەت لەگەڵدا بەش دەکات چاکترین هاوڕێتە".

لەوێوە (هەندە و مەندە) خۆشترین چێژیان لە بارانەکان بینی و هەرکە باران بەتوندی دایدەدا، ئەوان دەچوونە بەر پەنجەرە و خۆشییان لە دیمەنی سروشت و ترپەترپی بان خانوو و دەنگی مەرزرووکەکان و ئاوازە سروشتییەکان وەردەگرت.

2006.07.23